کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-10-2007 17:16

# سوتفەکانی ژانی گە لی جە میلی ڕ ۆستە می ... شۆڕش قادر



پێش هەموو شتێك قسە كردن لە سە ر كارێكی هونەریی هەستكردنە بە بوونی ئەو كارە، هەر لە بەر ئەوەشە من بە باشم زانی وەك بینەرێك ئەو فیلمەی ژانی گەل هەڵبسەنگێنم. كاتی پەیمانگای هونەرە جوانەكان یەكێك بووم لەو گەنجانەی بە دڵ ئەو ڕۆمانەی ماموستا ئیبراهیمم خۆش ئەویست، بەڵام كە بیستم ئەو شاكارە ئەكرێت بە فیلم دڵخۆش بووم، بە ڕاستی پێم ناخۆش بوو كە كەسێك بەو كارە هەڵئەسێت نەك شارەزای لەو ڕۆژگارانەی ناو ڕۆمانەكە نی یە بەڵكو لە زۆر لا یە نەوە شێواندویەتی، كە من بە هیچ شێوەیەك باسی مێژوو و ڕوداوو جلوبەرگ و بە كارهێنانی دیالۆگ و وتووێژ ناكەم، ئەبوایە خاوەنی دەقەكە داوایان لە چەند كەسانێكی ڕۆشنبیرو شارەزا بكردایە كە زۆر نزیكن بە و ڕۆژگارە و كە زۆر نزیكن بە كەلتوری كوردی بۆ ئەوەی ئەو دەقە جوانە بەو دەردە نەبرایە كە بینیمان، چونكە جەمیلی ڕۆستەمی نوسیویەتی ژانی گەل، دەرهێنەر ئەیتوانی ببێت بە نوسەری دووەم، بە هەرحاڵ كاتێ فیلمەكە دەستی پێ كرد شتێكی سەیرترم بینی نوسرا بوو سودم لە ژانی گەل وەرگرتووە زۆردڵگران بووم بۆیە ئا لێرەدا ئەتوانم ناوی بنێم فێڵ، دیارە بۆ ڕازیكردنی خێزانی ماموستا ئیبراهیمە، بۆیە جەمیلی ڕۆستەمی توشی گرفت بووە لە گەیاندنی بیرۆكەی ڕۆمانەكەدا.

چیرۆك یان ڕۆمان

نوسەر لە ڕۆمانەكەی ژانی گەلدا باس لە كە سێكی سادەو ساكاری گەلی كورد ئە كات وە زۆر بە وردی ئەوبارو دۆخە ناخۆش و نالەبارەی ساڵەكانی چل و پەنجاكانی كوردی بە ئێمە گەیاندووە لەگەڵ ئەو چین و توێژەی كۆمەڵگای كوردی، نوسەر توانیویەتی بە نوسین وێنەكان بكێشێ وهەموو ئایدیەكانی خۆی لە دەقەكەدا جێگابكاتەوە لە سەر زمانی كەسایەتی یە كانی ناو ڕۆمانەكە.

بەڵام كە كرا بە فیلم ئە بێت دەرهێنەر شیكردنەوەیەكی زیرەكانەی هەبێت بۆ ئەو دەقە چونكە نوسەر لە سەر كەسایەتییەكان بیرۆكەكەی داڕشتووە، ئەگینا دەورە سەرەكی یەكە كەسێكی سادەیە تەنانەت بیروباوەڕیشی، هەر لەبەر ئەوەشە نوسەر سەركەوتووە لە لە گەیاندنی ئایدی یەكانی.

سیناریۆ

سیناریست خەسرەوی سیناو جەمیلی ڕۆستەمی نەیانتوانیوە بە شێوەیەكی هارمۆنی و گونجاو لە سەردەقەكە كردارە درامی یەكە بە رە و لوتكە ببەن بۆیە پەنایان بۆ سودفە (ڕێكەوت) بردووە، دیمەن و ڕوداو یەك لە دوای یەك لە ڕێگای ڕێكەوتەوە بینا كراوە، سیناریۆی فیلمی ژانی گەل زۆر لاوازانە دیمەنەكان بە یەكەوە لكێنراون نمونەشم جوامێرە دوای بەربونی و بی شوێن وجێی خۆیی و ڕوخاندنی ماڵەكەیان و وونكردنی خێزانەكەی بە بێ وێنەكێشانێكی باوەڕپێكراو لای بینەر وای لێ دێت بچێتە دەرەوەو ببێت بە شۆڕشگێڕو هەر بە ڕێكەوت ببێت بە سەركردەیەك لە سەركردەكانی كورد، بە بۆچونی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

من ئەگەر ڕێکەوت نەبوایە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی لە نێوان کەسایەتی یەکانی فیلمەکە دروست نەئەبوو، نمونەشم برادەرەکەی بە ڕێکەوت لە سەرجادە ئەبینێت هەروەها جاسوسەکەش نمونەی تر زۆرن، ئەم ڕێکەوتانە وای لەفلیمەکە کردووە ترە حیواری لا بەلا زۆر دروست بن بە بێ ئاگا نمونەم (ئەحمەد) کە ڕۆڵی پێشمەرگەی سجنەکەی جوامێر ئەبینێت لە حیواری ئەحمەد کە ناوی نی یە کە ئەبێت ناوی هەبێت بە هەرحاڵ ئەحمەد ئەڵێت (چۆن نەریمان ئەناسیت من یەك جار بینیومە) سەیرە پێشمەرگەی نهێنی ناوشار وا بە ئاسانی کەشف بن، بێ ئەوەی کەس بزانێ پلەو پایەی ئەحمەد چی یە هەر چەندە من بینیم لە ناو فیلمەکە پێشمەرگەیەکی ئاسایی بوو، لە وە ئە چێت ئەم دوو برادەرە وا تێگەیشتوون کە هەموو سەرکردەکانی کورد بە ڕێکەوت بوون بە سەرکردە!!!؟ ئەم دوو سیناریستە ئەگەر لە ئەمریکاو ئەوروپا سیناریۆی فلیمێك بنوسن ئەبێت بەڵام لە کوردستان دوورە لە ڕاستی یە وە.
سیناریست و دەرهێنەر زۆر پشتیشیان بە فلاشباك بەستووە، نەیانتوانیوە لە شوێنی خۆیدا بە کاری بێنن، یان مەبەستیان بووە زوو بینوسن بۆ ئەوەی شلەوبرنجەکە بخۆن من دیمەنێکم بینی فلاشباك بوو جوامێر لە حەوشەکە ئەچێتە سەرەوە خۆی دیار نامێنێت بەڵام دایك و میوانەکەی ماڵیان لە حەوشەکە هە ر قسەیان ئەکرد شتی وا نابێ چونکە ئەوەی بۆمان ئەگێڕێتەوە خۆی کوا بۆ دیار نی یە، ئەم سیناریۆیە ئەوەنە ئەمەتیور نوسراوە بە بێ کارو کاردانەوە دیمەنی کۆتایی بە بێ دەرگا خۆی ئەکات بە ناوداو دوای سەرکەوتنێکی دروستکراو بە چەپلەڕێزان و سەرکەوتن ڕامبۆ ئاسا کۆتایی بە فیلمەکە دێت، هەر لە بەر ئەوەشە دەقێکی وا جوان فیلمەکەشی ئەبێت لە ناو مەکتەبەیەك هەڵگیرێ و ناتوانێت خۆی بە کۆمەڵگای دنیا بناسێنێت.

نواندن

ئەبێت ئێمەی کورد بە تایبەتی دەست خۆشی لە یەکە یەکەی ئەکتەرەکانی ناو فیلمی ژانی گەل بکەین چونکە سینەماو تەلەفیزیۆن تاکو ئێستاش نامۆن بە هونەرمەندی کورد، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ نەبونی قوتابخانەو خوێندنی سینەما تەنانەت تەلەفیزیۆنیش وە سەرکوتکردنی میلەتی کورد لە لایەن ڕژێمە کانەوە، فیلمەکە لە ڕێی نواندنەوە چەند ئەکتەرێك توانی یان لە دڵی بینەرا جێگای خۆیان بکەنەوە، ئاسۆ عومەر کە دەوری لاوە ئەبینێ لە ڕاستی دا زۆر سەرکەوتو لە بەردەمی کامێرا کارەکتەرەکەی خۆی بەرجەستە ئەکرد و یاری یە کی جوان و سەرنج ڕاکێش بە کارەکتەرەکەی خۆی ئەکرد، ئەگەر بەردەوام بێت ئەتوانێت ببێت بە ئەکتەرێکی باش لە بەردەمی کامێرا، یاخود دیمەنی سۆلاڤ ئەو ژنەی کە بە تەنها لە چایخانەیەکدا لە گەڵ دوو منداڵەکەی ژیان بە سەر ئەبات زۆر بە جوانی کارەکتەرەکەی خۆی بەرجەستە کرد هەرچەندە دەرهێنەر بە هیچ شێوەیەك ئەوەی دەرنەخست کە کەسێکی شارەزایە لە جگەرەکێشاندا وە بە هیچ شێوەیەك نەمانبینی ئەو ژنە نەفەسی جگەرەکە بداتەوە وە یان دەرهێنەر نەیتوانیوە یارمەتی ئەو ئەکتەرە جوانەبدات لە دابینکردنی فێڵێکی سینەمایی یان بە کارهێنانی بەس دەمی یان دەمی ئافرەتێکی شارەزای هەمان تەمەن لە جگەرەکێشانا، مامۆستا عەبدول لەم فیلمەدا توانی زۆر سەرکەوتوانە نواندن بکات هەرچەندە دەورەکەی کەم بوو بەڵام جوان دەرکەوت، لە زۆر کارەکانی تری سەرکەوتوتر بووە لای من، بەڵام لە ڕاستیدا نزار کە ڕۆڵی جوامێر بە بۆچونی من دەرهێنەر سەرکەوتوو نەبوو لە دەست نیشانکردنی ئەو ئەکتەرە، نواندن لە کاتی بانگەواز یان خوتبە ئاسان نی یە بە ڕاستی کەمال لە نواندن زۆر سەرکەوتو بوو، وەهەموو ئەکتەرەکان بە گشتی باش بوون.

کات و شوێن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە هەر فیلمێك كات و شوێن دیاری كرا ئەبێت دەرهێنەر پەیوەست بیت بێی، لە فلیمەكە نات و شوێن دیاری كراوە كە ئەو ڕوداوە لە كوردستانەو ساڵی چل و پەنجاكانی سلێمانی یە، تەنانەت دەرهێنەرڕۆژگارەكەی نوسیوە بە تیتڵ، لۆكەیشن و ئەو ڕۆژگارە ی ڕۆمانەكەی تیا نوسراوە جیاوازە لە ئێستا هەر بۆیە من پرسیارێكم لا دروست بوو ئایا ساڵەكانی چل و پەنجاكان و دووهەزارەكان وەك یەكن؟

دەرهێنەر

دەرهێنەر زۆر زیرەكانە پەنای بردۆتە بەر لەقەتاتی كورت و كلۆزات بە لآم هەموو گرتە گشتی یەكانی بۆ جوانی بەكار هێنابوونمونەش گرتەكانی ناوسەیارەكە وە یان كلۆزاتی خوێن و برین وەیان لەفایلەكەی جوامێر، كە گرتەكە ئەبێت بە گشتی هیچ پاشماوەیەك دیار نی یە وە یان كۆنكەنكردنەكە جوان بوو بەڵام هێنانی عارەقەكە لە لایەن سەردارەوە و نە خواردنەوەو لابردنی سفرەكە بۆ؟

چونكە بینەرو دەرهێنەر هەموو ئەزانن نەریمان شەو لایان میوانە، وە باسی ووشەی خەجاڵەتیش ناكەم كە لە لایەن زۆر كەسایەتی یەوە بەكاردێت، دەرهێنەر كاتێ دیمەنێكی وێنەكێشاوە نەیزانیوە چۆن كۆتایی پێ بێنێت نمونەشم سەربازی سجنەكەی جوامێرە هەر لە خۆیەوە هاوار ئەكات (لێرەم وا هاتم) بەس لەبەر ئەوەی بچێتەدەرەوە، وە یان موزەمیدەی ئەوكاتەی جوامێر تەداوی ئەكات ئەڵێت (موراقەبەمان ئەكەن) بەبێ ئەوەی كەسێك ببینین لەو دیو دەرگای سجنەكەوە موراقەبە بكات یان وەستابێت، ببورن ئەم تێبینی یەم زۆر سەرەتایی یە لە سینەما بگرە لە شانۆو تەلەفیزیۆنیش، بۆیە من پێم وایە دەرهێنەر نەیتوانیبوو جوان وێنەی بكێشی هێنانەدەرەوەی جوامێر بۆ ساحەكەو كوشتنی گیراوەكان ولێدانی فیشەكەكان لە یەك شوێن ئەتووت هەموو سەربازەكان قەناسەیان پێ یە بۆیە لە یەك شوێن ئەدەن، دەرهێنەر زۆر بە جوانی كاغەزەكەی دەستی جوامێری بە كار هێناو لە سەر خۆ بە بەینی لاشەكاندا ئەڕۆی بە ڕاستی تێكەڵبوونی دووجیهانی جوانی پیشاندابن، بەڵام لە دیمەنێكی تر جوامێر لەسەر گردێكی چڕوپڕدارو درەخت و تاشە بەردی گەورە وەستاوە لە خوارەوە سێ سەیارەی عەسكەری پڕسەرباز ئەبینێت بە سەرجادەكەدا ئەڕۆن جوامێریش ڕامبۆ ئاسا بە بێ سەبەب بە ڕاكردن بەرەو خوارو ڕێكی سەیارەكان دێتەخوارەوە و خۆی ئەكات بە ژێر پردەكەداو كاتێ سەیارەكان بە سەر پردەكەدا ئەڕۆن بە بێ هیچ ڕودانێك جوامێر ڕامبۆ یانە لە گەڵ خۆی ئەوڕاكە ڕاكەیەی ئەكرد لە ژێرەوە ئەتوت جەیشێك دوای كەوتووە، بۆیە باوەڕناكەم دەرهێنەر خۆیشی باوەڕی بەو دیمەنە هەبێت. وە یان دیمەنی ڕەبایەی سەرگردەكە تەقە لە و دوو سێ كەس ئەكەن سەربازەكان ئەزانن خەڵك بووە بە لآم نەمانزانی ئەوكاتەی كەوتن ماون یان مردون ئەی باشە بۆ لایتەكە لاچوو بە بێ هۆ؟ لە بەر ئەوە ئەبێت دەرهێنەر وا لە بینەر بكات هەست بكەن فیلمەكە نزیكە لە ڕاستی یە وە، یاخود میوانەكانی لاوە بە ترسەوە ئەڕۆن كاتێ لاوە و جوامێر دێنە ژوورەوە لاوە میكرۆفۆنەكەی لاجانی دیارە، ئەبوایە یەك دوو دیمەنی ڕۆمانسی هەبوایە بۆ جوامێر و كاڵێ بۆ ئەوەی بە نەمانی كاڵێ ئازارێكی لە دڵی بینەر دروست كردایە جوانتر ئەبوو، دەرهێنەر زۆر سینەمایی یانە توانیویەتی گۆرانی كچەكە (كاڵێ) بگەیەنێتە لای بینەروخەیاڵ لای بینەر دروست بكات.

مۆنتاج

مۆنتێری باش ئەتوانێت ببێت بە دەرهێنەری دووەم بەڵام لەوە ئەچێت مۆنتێری فیلمی ژانی گەل كوردی تێ نەگات بۆیە توشی چەند هەڵەیەك بووە بۆنمونە دایكی كاڵێ كە باسی ئەو بەسەرهاتە ناخۆشەی خۆی بۆ ئەكات ئەبێت ئەجێ لە دەموچاویا بێزاری دیار بێت بە لآم مۆنتێر ئینسێرتێكی بۆ ئەجێ واتە ژیان خان كردووە پێ ئەكەنێ ئەو دیمەنە سەرنج ڕاكێشە بەو ئینسێرتە زۆر بێ هێز ئەبێت، یاخود

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-10-2007 17:16

پۆلیسەکان ئەو کاتەی تەقە لە موزاهەرە چی یە کان ئەکەن ئەگەر دەرهێنەر سەیری فیلمەکە بکاتەوە ئەبینێت پۆلیسی لای جێبەکان تەقە لە پشتی پۆلیسەکانی بەردەم خۆیان ئەکەن، جوامێر لەگەڵ برادەرەکەی ماچ و مۆچ ئەکەن تەڕ نین بەڵام خەڵك پێشان ئەدرێت هەموو تەڕن، یاخود جوامێرولاوە ئەخۆنەوە گرتەکە میدیۆم شۆتە یان نزیکە ئەخۆنەوە یەکسەر ئەبێت بە گشتی پیاڵەکان پڕن، بەس ئێمە بینیمان چەند جارێك خواردیانەوە، مۆنتێر کاتێ لەقتەکانی موحەقیق مۆنتاج ئەکات زۆر جار توشی هە ڵە بووە بۆ دانانی فایلەکە، جەمپ دروست ئەبێت لە جگەرەو دوکەڵی جگەرەکەی مامۆستا عەبدول، وە یان دەرهێنەر بۆ جوانی دیمەنەکە داوا لە کاك عەبدول ئەکات جگەرە بەکار بێنێت بەڵام کاك عەبدول زۆر نەشارەزایانە بە کاری ئەهێنێ چونکە خۆی جگەرە خۆر نی.

ماکیاج

ماکیاج زۆر سادە و ساکار بوو ئەگەر کەسێکی پرۆفیشیۆناڵیش نەیکردایە وابزانم کێشەی دروست نە ئەکرد، مۆسیقا توانیبوو سەرکەوتوانە لە ناو فمیمەکە شیکردنەوەیەکی جوانی هەبێت بۆ ڕۆمانەکە، بە ڕاستی وێنەگرتن زۆر سەرکەوتو بوو، بە پێی ئەو پارە زۆرەی تێی چوەو وەئەو کاستە پرۆفیشیۆناڵە ی دوای کامێرا ئەبوایە جەمیلی ڕۆستەمی زۆر سەرکەوتووتر بوایە.

سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.